Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.3

# گوتاری ناسنامە و ڕۆشنبیر، عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک

**محمد احمد حسن** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Mohammed Ahmed Hasan
Mohammed.hasan@su.edu.krd

RECEIVED :13 /08/2024
ACCEPTED :03/11/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
ناسنامە،
ڕۆشنبیر،
دەسەڵات،
عەزیز گەردی،
ئەویدیکە

پوختە

نووسینەکانی بیرمەندی گەورەی جیهان ئیدوارد سەعید لەبارەی ڕۆشنبیر و ڕۆڵەکەی لە کۆمەڵدا، پەیوەندییەکی جەوهەری بە تێگەیشتن و چەمکی دیکەوە هەیە. یەکێک لە گرنگترین چەمکەکان، چەمکی ڕەخنەیە. لە ئێستادا قسەکردن لەبارەی ڕۆشنبیر بەبێ قسەکردن لەبارەی ڕەخنەوە شتێکی بێ ناوەڕۆک دەبێت. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ئیدوارد سەعید لە ڕۆڵ و پێگەی نووسەری گەورەی کورد عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستێک دەڕوانێت. عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک توانی ناسنامە بۆ خۆی دروست بکات، ئەویش بە هۆی کارە داهێنەرەکانی و ڕۆڵە ڕەخنەییەکەی لەو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە لەبارەی کۆمەڵێک چەمکی وەک ناسنامە، ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیریی و دەسەڵات دەکات. لە بەشی دووەم، کە بەشێکی پراکتیکییە کار لەبارەی ڕۆڵی عەزیز گەردی لە کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، ئەویش بە باسکردنی چەند تەوەرەیەک. بۆ نموونە ڕۆشنبیر و بڕوانامە، ڕۆشنبیر و پسپۆڕیەتی، ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان دەخەینەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

چەمکی ڕۆشنبیری لەناو گوتاری کوردیدا،تاکو ئێستا بەتەواوەتی و جەوهەری قسەی لەبارەوەنەکراوە. ئەوەی تا ئێستا قسەی لەبارەوە کراوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیا پێناسەی کراوە. بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم گرفتە ئێمە هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیریمان داوە، ئەویش بە نموونەی ڕۆشنبیری گەورەی کورد عەزیز گەردی. توێژینەوەکەمان بە ناوی (گوتاری ناسنامە و ڕۆشنبیر، عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک) هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لەبارەی دیاریکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیر لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا و مامۆستا عەزیز گەردیش وەک ڕۆشنبیرێک چۆن ناسنامەی تایبەت بە خۆی دیاریکردووە.

## کێشەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، بە توێژینەوە لە چەند کێشەیەک هەم کێشەکان بخەینەڕوو، هەم لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەین، ئەم کێشانەش سەرەتا لە قاڵبی چەند پرسیارێک دەخەینەڕوو، وەک: ڕۆشنبیر کێیە؟ لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا، ڕۆشنبیر چۆن ناسنامەی خۆی دیاری دەکات؟ پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات چۆنە؟

## مێتۆدی توێژینەوە

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە تێڕوانینەکانی ئیدوارد سەعید وەرگرتووە بۆ توێژینەوە لەبارەی چەمکی ڕۆشنبیر و وێنەی ڕۆشنبیر. بەتایبەت ئەو بۆچوونانەی لە کتێبی (وێنەی ڕۆشنبیر)دا خستوونیەتیەڕوو.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی کەسی ڕۆشنبیر دەتوانێت ناسنامەی خۆی دیاری بکات، هاوکات ئەمەش بسەلمێنین، چەند عەزیز گەردی توانیویەتی ناسنامەی ڕۆشنبیریی خۆی دیارییبکات و چۆن بەرەنگاری دەسەڵاتی دیکتاتۆری بووەتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە و بەناوی چوارچێوەی تیۆری بۆ چەمک و زاراوەکان. ئەم بەشەش بۆ چەند پارێک دابەش کراوە. لە یەکەمدا لە چەند ڕوانگەیەکەوە هەوڵی دیاریکردنی چەمکی ناسنامەمان داوە، کە جەوهەر و ناوەڕۆکی هەر تاک و نەتەوەیەکە. لە دووەمدا ئەرکەکانی ناسنامەمان بە شێوەیکی گشتی دیاریکردووە. لە سێیەمدا ویستوومانە وەڵامی پرسیاری ڕۆشنبیر کێیە؟ لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی (ئیدوارد سەعید ١٩٣٥- ٢٠٠٣) و (گرامشی ١٨٩١- ١٩٣٧) بدەینەوە. لە بەشی دووەمدا، کە بەشێکی پراکتیکییە بەناوی ڕۆشنبیر وەک ناسنامەی عەزیز گەردی، هەوڵمانداوە بیسەلمێنین، کە عەزیز گەردی چۆن ناسنامەی ڕۆشنبیری هەڵگرتووە. بۆ ئەمەش سێ تەوەرەمان باس کردووە. لە تەوەرەی یەکەم باسی جیاوازی نێوان کەسی ڕۆشنبیر و کەسی شارەزامان کردووە. لە پاری دووەمدا باسی پەیوەندی نێوان ڕۆشبیر و دەسەڵاتمان کردووە، کە چۆن عەزیز گەردی لە لایەن دەسەڵاتەوە تووشی گرفت کراوەتەوە. لە سێیەمدا باسی ناسنامەی ڕۆشنبیر و ئینتیمای نەتەوەییمان کردووە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو.

## 1- چوارچێوەی تیۆری بۆ چەمک و زاراوەکان

### 1-1-زاراوە و چەمکی ناسنامە

ئاشکرایە لە دوای شۆڕشی ڕێنسانەوە هەموو نەتەوەیەک و تەنانەت هەموو تاکێک هەوڵی سەلماندن و ئاشکراکردنی ناسنامەی خۆی دەدا. ناسنامە لە بنەڕەتدا جەوهەر و ناوەڕۆکی هەر کەس و نەتەوەیەکە. بۆیە بەردەوام لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا وەک ئاریشەیەکی سەرەکی دەرکەوتووە. چەمکی ناسنامە ئاماژە بە کۆمەڵێک

دیارده دەکات، کە لە نەخشاندنی وێنەیەک سەبارەت بە خود لە زەینی تاکدا کاریگەریی هەیە. بەردەوامی و مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی، پێویستی بە کردەگەلێکی پەیوەندییە، کە دەبنە هۆی واتاسازی و دروستکردنی ناسنامە. ناسنامەش لە ئاستێکی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی کۆدا واتا پەیدا دەکات. زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرە بە (Identity). بەشی یەکەمی زاراوە ئینگلیزییەکە (ID) مەبەست لێی هەمان زاراوەی (ئەو)ە، کە فرۆید کاری لەبارەوە کردووە. ((هەندێک لە نووسەران دەستەواژەی ناسنامە (الهو) بە جێناوی (ئەو) دەبەستنەوە، کە بۆ لاتینی کۆن دەگەڕێتەوە و لەویٚ زاراوەی (idem)ی بۆ بەکارهاتووە. ئەم بنەڕەتە وایکردووە زاراوەکە وەک سیفەت وەرگرێت و دواتر زاراوەی (identicus)ی بۆ بەکاربێت، کە بە واتای لێکچوون و پێکچوون دێت.)) (توفیق، ٢٠١٧، ص١) کەواتە ناسنامە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندییە کەسێک لە کەسێکی دیکە جیا دەکاتەوە. واتە کەسێک دەیەویٚ لە ڕێگای کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە خۆی پیٚ لە کەسانی دیکە جیا بکاتەوە. ئەم زاراوەیە کۆمەکی خەڵکی دەکات بەوەی تێگەیشتنیان لەبارەی خۆیانەوە هەبێت، بەوەی کێن و چین. هاوکات چ شتێکیان لە لا گرنگە. ئەو تایبەتمەندیەی باسمان کرد، تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤ لە ئاستی کەس، بەڵکو گرووپێک، نەتەوەیەک، کۆمەڵێک خەڵکیش دەتوانن لە خۆیانی دابهێنن و خۆیان لە گرووپ و نەتەوەیەکی دیکە جیا بکەنەوە.

لە ڕووی چەمکەوە، چەمکی ناسنامە، چەمکێکی فرەڕەهەندە، چونکە پەیوەندی بە زۆر بوارەوە هەیە. بۆ نموونە پەیوەندی بە تاک، نەتەوە، ڕۆشنبیر...تاد هەیە. بەڵام ئەوەی هەموو توێژەران لەسەری کۆکن، ئەوەیە هیچ تاک و نەتەوەیەک بیٚ ناسنامە نییە، هەرچەندە لەسەر فۆرمی دیاریکراوی ئەو چەمکە جیاوازیان هەیە. کەواتە زەحمەتە بتوانین ناسنامە بە چەمکێکی دیاریکراوەوە ببەستینەوە، چونکە ناسنامە پەیوەندی بە جیاوازییەوە هەیە، لە بەرەیەکی جیاوازەوە بۆ بەرەیەکی دیکەی جیاواز دەگوازرێتەوە. هاوکات ناتوانین چەمکی ناسنامە بە شێوەیەکی جێگیر بە کات، سیاق، ڕاستی و ناڕاستی و...تاد ببەستینەوە. کەواتە دەتوانین واتای ناسنامە وا لێکبدەینەوە، ناوێکی دیکەیە بۆ بوون، چونکە پەیوەندی بە ناوەڕۆک و گۆڕینی کاتەوە هەیە. ئەم گۆڕینە دەبێتە جەوهەری ناسنامە. بۆیە فەیلەسووفێکی وەکو کلۆد لیڤی شتراوس تێپەڕاندنی ناسنامەی جێگیر بە پێویست دەزانێت بۆ ئەوەی بوار بدرێتە ناسنامەی دیکە بوونی خۆیان بسەلمێنن. ئێمە بەردەوام لەناو ئاریشەی ناسنامەداین، ناتوانین بە تەواوەتی لەو ئاریشەیە دەرچین، بۆیە کرانەوە بە ڕووی ناسنامەی جیاواز پێویستییەکەی سەردەمەکەمانە، چونکە هەر سڕینەوەیەکی ناسنامەی دیکە، یان تەسککردنەوەی بواری بۆ ناسنامەکانی دیکە کاریگەری لەسەر ئازادی و دیموکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دەبێت.

فەیلەسووفێکی وەکو (ساموێل هینتیگتۆن ١٩٢٧– ٢٠٠٨) لە کتێبی ئێمە کێین؟ ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ناسنامەی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ناسنامە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، وەک چۆن پەیوەندی بە ئایین، زمان و خاکەوە هەیە. بۆیە دەڵێت: ((نەتەوەکان لە کاتی جەنگەکان هەستکردنیان بە ناسنامە گەشە دەکات، ئەمە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە نەتەوەکانی دیکە، ئەوەیش لە ڕێی زمان، ئایین، مێژوو و پێگەی جیاوازییەوە.)) (هینتیجتون، ٢٠٠٥، ص٨٦) کەواتە ناسنامە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا مرۆڤ بەردەوام لەبەردەم پرسی ناسنامەدایە، بەڵام لە کاتی شەڕدا ئەم پرسە زیاتر بە هەڕمێن دەبێت و لە دەروونی تاکەکان گەش دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ناسنامەی نەتەوەیی لای هەموو تاکێکی کورد لە باشووری کوردستان شتێکی پیرۆز بوو. هەر لەسەر ئەم پرسە، سەتان هەزار کورد ئەنفال کران، کیمیاباران کران. لە شارێکی وەک کەرکووک دەیان خێزانی کورد ئاوارەکران بە هۆی ئەوەی ناسنامەیان کورد بوو. بەشێکی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لەو پێناوەدا و بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی هەڵگیرسابوون.. ڕژێمیش بە هەموو شێوە و تەکنیک هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دەدا، بەڵام بە هۆی ئەو دوانە دژوازەی شتراوس باسی دەکات، وەک لێکچوون و جیاوازی هۆکارن بۆ مانەوە و پاراستن و مانەوەی ناسنامە لای تاک و کۆمەڵ، کوردیش هەموو هەوڵێکی بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی دا. کەواتە ناسنامە ((بریتییە لە پێگە و ژیان و ڕێکەوتنی کۆمەڵە مرۆڤێک لەسەر ژمارەیەک بیروباوەڕ و هزر و چەمک و دابونەریت و بەها، کە جۆری ژیانی ڕۆژانەیان ڕێک دەخات و دیسپلینی دەکات. ئەو ناسنامەیەش جیایان دەکاتەوە لە خەڵکانی دەوروبەریان و دەیکەنە مایەی شانازی لە جیهانی: هزر و تاکەکان و شتە مادد‌ییەکان.)) (عبدالله، ٢٠٢٢، ص٦٩) ئەم تێزە ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت، کە ناسنامە پەیوەستە بە دەستە و تاقمێک، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە بەرانبەر تاقمە و دەستەیەکی دیکە بەردەوام دەگۆڕێت و جیایان دەکاتەوە. هەردوو دەستە و تاقمەکەش، دەبێت هەوڵی ڕێزگرتن و پاراستنی یەکتری بدەن، چونکە لەم ڕێیەوە پێکەوەژیان و ئاشتی بەرقەرار دەبێت. کەواتە زانیاری سەبارەت

به ئەوانی دیکە مەرجی داننانە بە ئەوانی دیکە. لەم ڕێیەوە بەبێ چەمکەکانی یەکسانی و دادپەروەری ناتوانین بیر لە ناسنامە بکەینەوە.

ئەوەی مەترسییە بۆ سەر ناسنامە، بریتییە لە دزەکردنی فیکری و کولتووری و شارستانی، کە کاریگەریان لەسەر من و ناسنامەی من دەبێت، وا دەکات چی دیکە پەیوەست نەبێت بە کولتوور و ڕۆشنبیرییە باوەکە. نووسەرێکی وەکو (کاترینب هالبێرون) دەڵێت: ((ئەگەر بنیاتنانی ناسنامە بەو پلەبەندییەدا تێپەڕێت، کە هەر تاکێک بەهۆی فرەیی پەیوەندییەکانییەوە دایدەمەزرێنێت، ئەوا هەندێک ناسنامەی بەکۆمەڵ دەتوانن زاڵبن بەسەریدا.)) (هالبیرن، ٢٠١٥، ص٢٦) بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت زۆر جار بە هۆی بەردەوام بەدوای یەکداهاتنی کۆمەڵێک بنیات و خاسیەت، ئەوا ناسنامەی کۆمەڵێک دەتوانن بەسەر ئەو تاکەدا زاڵ بن. بۆ نموونە کاتێک کوردێک دەبێت بە پەناهەندە لە وڵاتێکی دیکە، ئەوا بە درێژایی کات و بەردەوامیەتی بنیاتی کولتووری و بنەماکانی ناسنامەی ئەو وڵاتە، ئەوا ناسنامەکە خۆی بەسەردا زاڵ دەکات. کەواتە ناسنامە، سیستەمێکی کامڵە، بەردەوام گەشە دەکات، پێشدەکەوێت بۆ ئەوەی ببێت بە کیانێکی ڕۆحی و بەردەوام لە ناوەوەماندا بژیەت. ئەم ژیانە ڕۆحییە لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات، دواتر بۆ قۆناغی هەرزەکاری و گەنجی و تەواوەتی.

## 1-2- ئەرکەکانی ناسنامە:

ناسنامە، شتێک نییە هەر لە خۆوە دروست بێت، بەڵکو هەستێکە، کیانێکە بە چەند قۆناغێک لە لای مرۆڤ دروست دەبێت. کۆمەڵێک ئەرکی بنەڕەتی هەن، ئەو ئەرکانە گرنگی و بایەخی ناسنامە لە ژیانی هەر یەکێک لە ئێمە، لە ژیانی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک پێکدەهێنن.

ا. ئەرکی پاراستنی مێژوو

بایەخی ناسنامە لەوەدایە، کە بە درێژایی مێژوو دەتوانێت مێژووی نەتەوەیەک بپارێزێت. کاتێک دەڵێین مێژوو، مەبەستمان کۆی کولتوور و کەلەپووری ئەو نەتەوەیەیە. دەبینین کورد بە درێژایی مێژوو داگیرکراوە، چەوساوەتەوە، کیمیاباران کراوە، ئەنفال کراوە، دابەش کراوە، بەڵام ناسنامەکەی مێژووی ئەو نەتەوەیەی پاراستووە. واتە ناسنامە لە ناخی هەر تاکێکی کورد بۆتە هۆی ئەوەی ئەو تاکە هەوڵی پاراستنی کولتوور و کەلەپووری خۆی بدات.

ب. ئەرکی پێکەوەگونجان

ناسنامە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتییە لە پێکەوەکۆکردنەوە و گونجاندنی هەموو ئایدیۆلۆژیا و ئایین و بیرکردنەوە جیاوازەکان. بۆ نموونە لەناو کوردا چەندین ئایین و ئایینزا و زار و نەتەوەی جیاواز هەن. بەڵام ئەوە ناسنامەیە هەموو ئەوانەی پێکەوەگونجاندووە. ئەگەر سەیری (هەرمۆتە) لە (کۆیە) بکەین. مەسیحییەکانی گوندی (هەرمۆتە) لە ڕووی ئایینییەوە لە موسڵمانەکانی (کۆیە) جیاوازن، بەڵام ئەوە ناسنامەی کوردەواری و کوردستانییە ئەو دوو ئایینە جیاوازەی لەگەڵ یەکدیدا گونجاندووە. بە هەمان شێوە چەندین  حیزبمان لە کوردستان هەن، سەرەڕای جیاوازیان، بەڵام لە بابەتی ناسنامەدا هەموویان کۆکن و لەگەڵ یەکدیدا پێکەوە کار دەکەن.

ج. ئەرکی بەرگریکردن

ناسنامە، پارێزەرێکی سەرەکی هەموو ئەو بەهایانەیە، کە تاک هەیەتی و کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە. بۆ نموونە لە شەڕی بەرگری دژی تیرۆرستانی داعش، ئەوە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری بوو، کە ئەو خەڵکە بەرگریان لە کوردستان کرد. بۆیە کاتێک خەڵکانێک دێن و دەیانەوەی تۆ بسڕنەوە، ئەو کاتە ناسنامەی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری دەبێتە بەرگریکارێکی سەرسەختی تۆ.

## 1-3- ڕۆشنبیر کێیە؟ :

زاراوەی ڕۆشنبیر، لە ئینگلیزیدا زاراوەی (intellectual)ی بەرامبەر بەکاردێت.  ئەم زاراوەیە لە زاراوەی ((intellectualis هاتووە، کە بە واتای تێگەیشتن، جیاکردنەوە دێت. لە ساڵی ١٨١٩ بە واتای بانگەوازکردن و لە ساڵی ١٨٣٤یش بە واتای بەرهەمەکانی عەقڵ دەهات.)) [فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی] کەواتە هەموو واتاکان جەخت لەسەر پەیوەندی ڕۆشنبیر بە ئەرکی بیرکردنەوە و بەرهەمی عەقڵ و تێگەیشتن لە شتەکان دەکەنەوە.

ڕۆشنبیر چەمکێکە لەناو توێژینەوەی کوردیدا بە یەکێک لە چەمکە ناڕوون و ئاڵۆزەکان دادەنرێت، چونکە تاکو ئێستایش لەگەڵ چەمکی دیکە تێکەڵ دەکرێن، یان کەسانێک ئەم ناوەیان لێ دەنرێت، کە پێوەندییەکیان بەم چەمکەوە نییە. ڕاستە پێناسەگەلی زۆرمان بۆ ئەم چەمکە هەیە، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە نەتوانین وەڵامی پرسیاری ڕۆشنبیر کێیە؟ بدەینەوە.

بە درێژایی مێژوو لەناو ئەدەبیات و نووسینی کوردیدا کەسانێک وەک نوێنەری دەستە، هێزێکی سیاسی، سەرکردە، نوێنەری ئایدیۆلۆجیا و بەرژەوەندی تایبەت بە ڕۆشنبیر هەژمار کراون. واتە لەناو کۆمەڵی ئێمەدا دەیان کەس ماسکی ڕۆشنبیریان پۆشیوە و کەچی ڕۆشنبیر نین، چونکە سەر بە دەستەیەکی دیاریکراو، یان ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتن. ئەوەی زۆر گرنگە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەوەی پێی دەگوترێت ڕۆشنبیری کورد، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەبووە. ئەو کات پێیان دەگوترا مونەوەر. کەم شاعیر و نووسەری سەرەتای سەدەی بیستەم لەناو کورد هەیە، پێوەندی بە حیزب و سیاسەتەوە نەبووبێت. پێش ئەوانیش دەستگرتن بە کولتوور و ڕابردووی کورد خاسیەتی هەرە دیاری خوێندەوارانی کورد بووە، ئەوانیش بریتیبوون لە خوێندەوارانی حوجرە و پیاوانی ئایینی، کە نوێنەرایەتی زانست و زانیاریی ئەو سەردەمیان دەکرد. لەو کاتدا دەتوانین لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە چەند ئاراستەیەک دەستنیشانبکەین، کە وەک ڕۆشنبیر خۆیان پیشان دەدا.

پێناسەکردنی چەمکی ڕۆشنبیر، پێناسەکردنێکی ئاسان نییە، چونکە دەتوانین لەناو هەر کایەکی زانستیدا پێناسەیەکی جیاوازی بۆ بدۆزینەوە. بۆ نموونە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە، ڕۆشنبیر کەسێکە ئاوێنەی سروشتی کۆمەڵگەکەیەتی، ئاگایان لە ورد و درشتی هەموو ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەتی و قسەی لەبارەیانەوە هەیە. هاوکات دەتوانین ڕۆشنبیر، بە کەسێکی دەستەبژێری کۆمەڵگە هەژمار بکەین، کە بەردەوام لە هەوڵی خستنەڕووی کەموکورییەکاندایە، ناچێتە ژێر باری دەسەڵاتەوە و بەڵکو وەک چاودێرێکە بەسەر دەسەڵاتدا. بەردەوام ڕۆشنبیر، وەک کەسێکی دژ بە دەسەڵات دادەنرێت. ((ڕۆشنبیر لە بازنەی هیچ دەسەڵات و لە قەفەزی هیچ حیزبێکدا گیر ناخوات. لەسەر ئەو هێڵە ناڕوات، کە زۆربە لەسەری دەڕۆن. جیاواز دەژی و جیاواز دەپەیڤێت، دابونەریتی سەروەر ڕەت دەکاتەوە، پێش ڕووداو دەکەوێت، دوور لە پۆل دەخوێنێت و مێگەل تووشی حەپەسان دەکات.)) (سەعید، ٢٠٠٧، ل٦) هەرچەندە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی ڕۆشنبیربوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی چەمکی ڕۆشنبیر، چەمکێکی سرکە، بەردەوام دەگۆڕێت، بۆیە ئێمە ناتوانین بە یەک کێڵگەی مەعریفییەوە بیبەستینەوە. هاوکات ڕۆشنبیر کەسێکە لە بوارگەلی جیاواز کار دەکات، بەڵام ناشتوانێت خۆی لە دەسەڵات و کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆجیا ڕزگار بکات، چونکە ڕۆشنبیر کوڕی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەیە، کە تێیدا دەژیت. کەواتە ئاساییە ڕۆشنبیر کەسێک بێت کاریگەر بێت بە ڕەوت و ئایدیۆلۆجیا و ئایین و حیزبێک، بەڵام نابیت ببێتە داردەست و ئامرازی ئەو ڕەوت و ئایدیۆلۆجیایە، چونکە دوا جار هەر ئەو ڕۆشنبیرەیە، دەبێت چاودێر بێت بەسەر ئەو ڕەوت و ئایدیۆلۆجیایە.

گرامشی، ڕۆشنبیر بۆ دوو پۆل دابەش دەکات، بەڵام ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە دەبێت، کە دەیگێڕن، ئەوانیش ڕۆشنبیری ئۆرگانیک و ڕۆشنبیری ئاساییە. ((ئەم پۆلێنە تاکو ئێستایش لای هەموو ڕۆشنبیران جێگەی باوەڕە و کاری لەبارەوە دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕینێک لە جەوهەریان ڕوویدات، بەڵکو گۆڕینەکە لە شیکردنەوە و پراکتیکدایە.)) (العودات، ٢٠١٢، ص٥٨) واتە ئەم فەیلەسووفە دەیەوێت لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە فیکرییەی ڕۆشنبیر هەیەتی، پۆلێنبەندییەکە دیاری بکات. بۆ نموونە ڕۆشنبیرانی ئاسایی وەکو مامۆستایان و پیاوانی ئایینی و پیاوانی کارگێڕی، ئەوانە چۆنیەتی کارکردنیان، زانیارییەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازنەوە. هەرچی ڕۆشنبیری ئۆرگانیکە، ئەوانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ناوەندە گرنگەکان، دەزگەکان، کەواتە لەناو کۆمەڵگەدا ڕۆشنبیرانی ئاسایی ژمارەیان زۆرترە و ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیک دەستەیەکی دیاریکراون، بەڵام کاریگەری و ڕۆڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی زۆرتریان هەیە. واتە ڕۆشنبیری ئۆرگانیک بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لەناو هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگەدا دەکات، بەردەوام تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکان جیاواز بن لەسەر بنەمایەکی هوشیاری. بەڵام ڕۆشنبیری ئاسایی ڕۆڵەکەی دیاریکراوە و بە درێژایی مێژوو گۆڕینی بەسەردا نایەت. لەسەر ئەو بنەمایە، ڕۆشنبیری ئۆرگانیک ((پێگە و شوێنی خۆی لە دەرەوەی دەسەڵات دادەنێت و پابەندە بە بابەتی ئازادی، دادپەروەری و مرۆیی و نیشتمانی.)) (العودات، ٢٠١٢، ص٥٩) کەواتە ڕۆشنبیری ئۆرگانیک بە بەرزی ئاستی هوشیارییەکەی و مەعریفییەکەی دەناسرێتەوە، کەسێکە لەناو کۆمەڵگەدا تاکە و بەردەوام قسە و پرسیاری لەسەر کۆی بابەتەکان هەیە.

## 2- ڕۆشنبیر وەک ناسنامەی عەزیز گەردی

ئێمە لەم بەشەدا دەمانەوێت لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ئیدوارد سەعید ڕۆڵی ڕۆشنبیر بخەینەڕوو. بە بڕوای ئێمە، تاکە ناسنامەی عەزیز گەردی بریتییە لە ڕۆشنبیر. ئێمە لە ڕێگای تێزەکانی ئیدوارد سەعیدەوە دەتوانین بە دوای ناسنامەی عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک بگەڕێین. ئەو فەیلەسووفە (ئیدوارد) هەوڵیدەدا بە دوای ڕۆشنبیردا بگەڕێت، یان بە دوای ئەو ستراتیژە جێگرەوە ڕێگا بەو ڕۆشنبیرە دەدات پێگەیەکی جیاوازی هەبێت. ئەو لە کتێبی (وێنەی ڕۆشنبیر)دا جیاوازی لە نێوان ڕۆشنبیر و مامۆستا (فێرکەر)، بیرمەند و چاودێر(بەخێوکەر)، ئەکادیمیست و سیاسی، شارەزا و پیاوی زانستدا دەکات. کەواتە ڕۆشنبیر کەسێک نییە خاوەن شارەزاییەکی زانستی، یان توانایەکی سیاسی بۆ بە دەستهێنانی پایەیەکی باڵا هەبێت بۆ ئەوەی بەشداری لە دارشتنی بڕیارە چارەنووسسازەکانی میللەت بکات، بەڵکو ڕۆشنبیر لای ئەو ((کەسێکی پابەند، هوشیار و کۆمەڵایەتییە، تاکو بتوانێت کۆمەڵگە ببینێت و کێشە و تایبەتمەندی و سیماکانی دەستنیشان بکات، دواتر چالاکانە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی ببینێت ئەویش بە ڕاگەیاندنی هەڵەکان.)) (سعید، ٢٠١١، ص٣٦- ٣٧) لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە سیمای ناسنامەی عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک دیاری دەکەین.

### 2-1- ڕۆشنبیر و کەسانی شارەزا:

کاتێک باس لە کەسانی شارەزا دەکەین، مەبەستمان ئەو کەسانەن لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا کار دەکەن. عەزیز گەردی یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆری بەلاوە گرنگ بوو لە زانکۆ بێت و هەموو هەوڵێکی دا تا گەیشت بەو ئاواتەی. بەڵام ئامانجی ئەو تەنیا پیشە نەبوو، تەنیا ناوهێنان نەبوو وەک شارەزایەک و خاوەنبڕوانامەیەک. هەموومان چیرۆکی عەزیز گەردی دەزانین لە بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی، هاوکات کوالێتی نامەی ماستەر و دکتۆراکانی دەزانین چەندە. ئەو کەسێک بوو خاوەن ماستەرێک و دوو دکتۆرا بوو. ئیدوارد سەعید لە کتێبەکانی لەبارەی ڕۆشنبیر، باسی خاسیەتی شارەزای و پسپۆریمان بۆ دەکات. کەسانی شارەزا، کەسانێکن ((شارەزایی وەک ڕێوڕەسمێکی پیرۆز لە هۆڵە داخراوەکانی خوێندن زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەم نوخبە شارەزا و تایبەتمەندە زمانێکی ئاڵۆزیان هەیە، کە بواری مەعریفی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکە پێ جیا دەکاتەوە، کە هیچ زانیارییەکیان نییە.)) (دراج، ٢٠٠٤، ص٣١) بە گوێرەی ئەو توێژینەوە زانستیانەی لەبارەی ڕۆڵی زانکۆ و مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کراوە، زانکۆکانمان لە بەردەم دوڕیانێکی ترسناکدایە. بەتایبەت مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان تەنیا وەک پسپۆڕێک دەگێڕن، نەک وەک تاکێکی هوشیار و ڕۆشنبیر. کەواتە ئەوەی زۆر ترسناکە، ئێمە مامۆستای زانکۆ تەنیا وەک فێرکارێک و پسپۆڕێک سەیر بکەین. تەنانەت لە توێژینەوە زانستییەکانیشدا وەها پێناسەی مامۆستای زانکۆ کراوە. بۆ نموونە ((مامۆستا لە زانکۆدا، ڕۆڵی گرنگ و بنچینەیی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، چونکە ئەو ڕابەرایەتی پرۆسەی فێرکردن دەکات و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێندکارەکاندا مامەڵە دەکات.)) (سەمین، ٢٠١٧، ل٣٨١)  کورتکردنەوەی ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ لە پسپۆڕیەتی (بە واتای ئەوەی ئەرکی تەنیا فێرکردنە و تەنیا لە یەک بواردا شارەزایە) هەوڵێکە بۆ ئەوەی وەک کەسێکی پیشەیی دەرکەوێت. وەک هەموو پیشەکانی دیکە. عەزیز گەردی سەرەڕای ئەوەی خاوەنی چەند بڕوانامەیەک بوو، بەڵام ئەو ڕۆشنبیر بوو. بە واتا ئیدواردییەکە ئەو خۆی تەرخان نەکردبوو، وەک پیشەیەک سەیری مامۆستایەتی نەدەکرد، بەڵکو وەک ئەرکێکی ڕۆشنبیریی سەیری دەکرد. بۆیە دەبینین ئەو جیاوازتر لە هەمووان ئەزموونی ئەو کردەیەی ئەزموون دەکرد. کەسانی شارەزا، هەمیشە خۆیان وەک ناوەند و سێنتەری زانیاری دەبینن، بە بڕوای ئەوان جودا لە ئەوان کەسی تر شارەزایی لەو بوارە نییە. ترسناکی کەسانی شارەزا بە بڕوای ئیدوارد سەعید لە ڕەهەندوەیە، یەکەم، کەسانی شارەزا بەردەوام بەرانبەر کرێیەک، یان دەستکەوتێکی ماددی کار دەکەن، واتە زۆربەیان هێندەی ئامانجیان دەستکەوتی ماددییە، هێندە مەبەستیان ڕۆڵبینین وەک ڕۆشنبیرێک نییە. ئەم دەستکەوتە ماددیە سەربەخۆیی ڕۆشنبیر سنووردار دەکات و دەیکاتە کەسێک لەپێناو ماددە کار بکات. دووەمیان، وا دەکات ئەو کەسانە ستراتیژیەتیکیان بۆ فیکر و بیرکردنەوەیان نەبێت. چونکە بیرکردنەوە و فیکریان تەنیا لە پسپۆڕێتیانە، یان فیکریان تەنیا لە چوارچێوەی کارەکەیانە. ئیدوارد سەعید ترسناکی ئەم چینە شارەزایە، هەم لەسەر ڕۆشنبیر، هەم لەسەر ناوەندەکانی خوێندن لە بنەڕەتییەوە بۆ زانکۆ لەم پێنتانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

ا. کەسانی شارەزا تەنیا لە پسپۆڕێتی خۆیان شارەزان، بەبێ ئەوەی هەوڵبدەن زانیاری و زانستی خۆیان بە کێڵگە مەعریفییەکانی دیکەوە دەوڵەمەند بکەن. ئەمە بووەتە کولتوورێک، کەمترین مامۆستا بە گشتی و مامۆستای زانکۆ

بەتایبەتی دەخوێننەوە. عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک لەناو ئەو ناوەندەدا بەردەوام دەیخوێندەوە و لە چەندین زانستدا شارەزایی هەبوو، وەک خۆشنووسی، ڕەوانبێژی، عەرووزناسی. دەوڵەمەندی عەزیز گەردی لە ڕووی مەعریفییەوە لەو چاوپێکەوتنەدا دەرکەوێت، کە لەژێر ناونیشانی (مرۆڤێکی تەنیا لە کەوشەنی کتێبدا) چاپکراوە. لەویدا ئێمە دەزانین ئەم ڕۆشنبیرە ئاگاداری هەموو ئەو کتێبانەیە، کە لە تەمەنی ئەودا چاپ کراون. بۆ نموونە کاتێک کتێبی ڕەوانبێژی دەنووسێت، زیاتر لە دە جار دەینووسێتەوە. ((من ڕەوانبێژییەکەم نووسی پێشتریش. ئی خۆ ڕەوانبێژییش نووسینە. ١٠ جارم زیاتر نووسیوە. هەرچەندە ئێستا ڕام لێ نییە؛ پری هەڵەیە، مەجالیشم نەبووە، ئەوە مردنم گەیشتینێ، ئەینا جارەکی دی پێیدا دەهاتمەوە.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ل٦٥) ئەمەیە ئەرکی ڕۆشنبیر، لەگەڵ ئەوەی مامۆستای زانکۆ و پێش ئەوەی ببێتە مامۆستای زانکۆش خەریکی کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بووە. لەو چاوپێکەوتنە دەبینین ئاگاداری ڕەوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردییە، تەنانەت وەک ڕۆشنبیرێک قسە لەبارەی وەرگێڕان، شیعر، ڕۆمان و ئەفسانە دەکات. کەم بەرهەم هەیە لە تەمەنی خۆیدا نەیخوێندبێتەوە. بەڵام کەسانی شارەزا، کەسانێکن وەکو کاسبییەک لە ئیشەکەیان دەڕوانن. بۆیە دەبینین یەکێک لە هۆکارەکانی پاشکەوتنی زانکۆکانی کوردستان، ڕێژەیەکی زۆر مامۆستامان هەن، ناخوێننەوە، ئاگاداری ڕەوتی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتەکەیان نین. ئیدوارد سەعید سەبارەت بە کەسانی شارەزا، کە خۆیان وەک ڕۆشنبیر نیشان دەدەن دەڵێت: ((بریتییە لە ڕەچاوکردنی پیشە و ئەرکەکەت وەک ڕۆشنبیر، هاوکاتیش وەک کار و کاسبییەک دایبنێی لە نێوان کاتژمێر نۆ بۆ پێنجی ئێوارە، لە کاتێکدا چاوێکت لەسەر کاتژمێری دیوارەکە بێت و چاوەکەتریشت لەسەر ئەو شتانەی بە ڕەفتاری پیشەیی دروست دادەنرێن، کە نابنە هۆی شۆکی ناپێویست و لە چوارچێوەی سنورە باوەکان دەرناچێت.)) (سعید، ١٩٩٦، ص٨٠-٨١) کاتێک وەها لە ناوەندێکی وەک زانکۆ دەڕوانرێت، ئەوا زانکۆ ڕۆڵەکەی لەناو کۆمەڵگە کاڵ دەبێتەوە و ناتوانێت تاک و کۆمەڵگە ئاراستە بکات.

ب. شارەزایی بە واتای زانیاری نایەت. ئەگەر شارەزایی خۆی بەسەر پسپۆڕێتیدا دابخات، ئەوا دووەمیان (زانیاری) ڕەخنەی ئەو پسپۆڕێتییە دەکات. عەزیز گەردی جیاواز لە پسپۆڕێتی خۆی، کە عەرووزناسی بوو، ئەوا لە کۆمەڵێک زانستی دیکە شارەزا بوو. بۆ نموونە لە خوێندنەوەی دەستنووس، خەتخۆشی و جیاواز لە زمانە بیانییەکانی وەک فەرەنسی، ئینگلیزی، عەرەبی و فارسی، شارەزای زار و بنزارە کوردییەکانیش بوو. هاوکات بەردەوام قسەی لەبارەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی سەردەم دەکرد. واتە بوارەکانی کارکردنی عەزیز گەردی فرەڕەهەند و جۆربەجۆرن. ئەو خۆی نەبەستاوەتەوە بە یەک بواری مەعریفی دیاریکراوەوە.

## 2-2- بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات:

دەسەڵات ئاشکرایە بەرهەمی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو دوای ئەوەی حیزبێک، کۆمەڵێک کەس دەیانەوێ بە زۆر، یان کودەتا بێنەسەر دەسەڵات، ئەوا لە ڕێگای خۆبەزلزانینەوە یەکەمین شتێک ئازادی تاکەکان سنوردار دەکەن. لە هەموو دنیادا یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیر، وەستانەوەیە بەرانبەر هەموو ستەم و پێشێلکارییەکی دەسەڵات. ئیدوارد سەعید بەشی پێنجەمی کتێبەکەی (وێنەی ڕۆشنبیر) ناو دەنێت (لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاستی بڵێ)، لەویدا دەڵێت: ((ڕۆشنبیری ڕاستەقینە فەرمانبەر و کارمەند، یان بەکارهێنەرێکی سیاسەتەکانی حکومەت، یان هەندێ کۆمپانیای گەورە و تەنانەت سەندیکای هاوپیشە و فیکریش نییە.)) (سعید، ١٩٩٦، ٩٢) ئەمە پەیامێکی ڕوونە بۆ ڕۆشنبیران، کە دەبێت لە هەموو پێگە و ناوەندێکی دەسەڵات دوور بن، بۆ ئەوەی بەردەوام پێگەی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بتوانێت لەبارەی هەموو ئەو چەوتی و نادادیانەی دەسەڵات ئەنجامیان دەدات قسە بکات و ڕەخنە بگرێت. دەسەڵاتیش بەردەوام و بە چەندین ڕێگا دەیەوێت ڕۆشنبیران وەک بەشێک لە خۆی پیشان بدات، ئەو ڕۆشنبیرانەیشی ناچنە بن باری ئەوە، ئەوا لە ڕێگا و فۆرمی جیاواز بەهانەیان پێ دەگرێت.

عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک لە هەموو ژیانیدا ئەو سنورەی نێوان خۆی و دەسەڵاتی پاراستووە، لەو ڕووەیشەوە قوربانی زۆری داوە. خۆیشی تێزێکی گرنگی هەیە، کە ئێمە هاوشانی تێزەکەی ئیدوارد سەعید دەیبینین. عەزیز گەردی لەبارەی ئەرکی ڕۆشنبیران بەرانبەر دەسەڵات دەڵێت: ((من زۆر سەیرم لەوە دێت کە کابرا خۆی بە شاعیرێکی زۆر گەورە دەزانێت، کەچی بێهەڵوێستە. هیچی لە گوڕێ نییە. کورە ئەمن لۆیە باوەڕم بە هیچ نەمایە. شاعیر دەبێت لە ڕۆشنبیری، لێکدانەوە و هەڵوێستدا لە پێش خەڵکەوە بێت.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ل٩٥) کەواتە بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕۆشنبیر لە بەرەی دەسەڵاتدا بێت، بەو واتایەی ئەو کەسێکی سەربەخۆیە و بەردەوام دەبێت هەڵوێستی هەبێت. ئاشکرایە

لە سەردەمی بەعسدا چەندان کەسمان بینی بەناوی نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرەوە بۆ پارە و پلە و پۆست پێگە و ئەدەبیاتی خۆیان خستبووە خزمەت ڕژێم. ئەوانەی بەڕاستیش ڕۆشنبیربوون بەردەوام تووشی گرفت دەبوونەوە. هەر خۆی عەزیز گەردی لەو بارەیەوە چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئەوانەی خۆیان بە شاعیر و ڕۆشنبیر دەزانی پێشبڕکێیان بووە، بۆ ئەوەی ببنە موخابەراتی بەعس. ((کەریم شارەزا (خوا عەفووی بکا) باسی چەند نووسەر و شاعیرێکی بۆ کردم کە کاتی خۆی هاوڕێمان بوون و پێشبڕکێیان بوو، بۆ ئەوەی ببنە موخابەراتی بەعس. عەبدولغەفار سائیغی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی و لاوانی ئەو سەردەمە ،کە بەعس لە مووسڵەوە هێنابووی، بۆ ئەوی باس کردبوو. کەریم شارەزا خۆیشی سوێندی خوارد، گوتی: جارەکی دانیشتبووین، ئەو عەبدولغەفار سائیغە گوتی: من تەعەجوبم دەمێنێت، ئەمە بەعسینە پێمان شەرمە ببینە موخابەرات، کەچی ئەوانە دەچن دەبنە موخابەرات و دوایە دێنەوە بەربەرەکانیی من دەکەن. ئەوجا ئەوانە ئا وا بوون، ئێستاش خۆیان بە نازانم چی ناگۆڕنەوە. من ئەوانەم دیتییە و بیستییە لۆیە قەت باوەڕم بە هیچ هیچ نەمایە.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ل٩٦) دەبینین مەرجی دەسەلات بۆ ئەوەی پاداشتی ماددی و پۆست بە ڕۆشنبیران ببەخشێت ئەوا بوونە بە سیخوور. ئەو ڕۆشنبیرانەش هەڵپەی پۆست و دەستکەوتیان هەیە، بەناوی ڕۆشنبیرییەوە خۆیان دەفرۆشن. بەڵام هەڵوێستی عەزیز گەردی هەم وەک تاک، هەم وەک ڕۆشنبیر هەوڵی پاراستنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی خۆیەتی، بۆ ئەم هەڵوێستە بەرەنگاریەی عەزیز گەردی لە سەردەمەکان وەک ڕۆشنبیرێک بەرانبەر دەسەڵات هەیبووە، جێبەجێکردنی وەک ئەرکێک بووە. چونکە ((یەکێک لە چالاکییە فیکرییە سەرەکییەکان لە سەدەی بیستەمدا لێپرسینەوەیە لە دەسەڵات.)) (سعید، ١٩٩٦، ص٩٢) واتە ڕۆشنبیر دەبێت بکەوێتە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ دەسەڵات، چونکە دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت هەژموونی خۆی، دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر ڕۆشنبیردا بسەپێنیت. کەواتە ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی ناسنامەی هەبێت پێویستە لە دوو بەرەدا بجەنگێت. بەرەیەکی گشتی، کە جەنگانە لەگەڵ کۆی خواری و خێچییەکانی کۆمەڵ و بەرەیەکی تایبەتی، کە جەنگانە، لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمکار. کەسی ڕۆشنبیر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لەژێر سایەی سیستەمی ستەمکاریدا بژیت، چونکە دەبێت بەردەوام لە جەنگدا بێت. لێرەدا بەر چیرۆکێکی دیکەی ڕۆشنبیرەکەمان، لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس دەکەوین. ئەو کاتێک کتێبی ئافرەتی کورد لە تورکیا وەردەگێڕێت و چاپی دەکات، ئەوا مەلاکان و زۆرێک لە بەناو ڕۆشنبیرەکان واژوو کۆدەکەنەوە و بە نیاز دەبن بینێرن بۆ کۆشکی کۆماری بۆ ئەوەی مامۆستا لە سێدارە بدەن، بە بەهانەی ئەوەی مامۆستا لەو کتێبەدا کوفری کردووە. کەواتە زۆرێک لە دەستوپێوەندەکانی دەسەڵاتیش دەچنە بەرەی دەسەڵات بۆ ئەوەی ناسنامەی ڕۆشنبیریی لە ڕۆشنبیر بستێننەوە. کەواتە ئەمە ستەمکارییە، ستەمکاریش ((زۆربە بەسەر ئەو عەقڵانەوە، کە خاوەنی توانایەکی جیاوازن کار دەکات.)) (ڕەفیق، ٢٠٠٣، ل١٧٩) بەڵام عەزیز گەردی لە هەموو ئەمانە بە تواناتر بووە، چونکە خاوەن ناسنامەی خۆیەتی. هەر خۆیشی دەڵێت: ((ئەمن لە حەیاتم هیچ نەبوویمە، ئەوها بوویمە [لەپی دەستی هەڵدەگێڕێتەوە و تەخت ڕایدەگرێت]. بە کەیفی خۆشم کردییە. بە کەیفی خۆم چییە؟ یانی ڕام لە شتەکی بووبێ، بەشەر نەبووە بڵێ ئەوەی مەکە. کردوومە با بمکوژن. چش، با بکوژرێم)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ل٨٣) ئەم هەڵوێستەی عەزیز گەردی، هەڵوێستە، وەکو خاسیەتێکی دیاری ڕۆشنبیرانەی سەدەی بیستەم دەردەکەوێت. ئەم هەڵوێستە وەکو یاخیبوون و نائومێدبوون نییە، بەڵکو کردەیەکە بنەمایەکی فیکری هەیە، هەڵوێستێکی ئاکارییە بە ئامانجی گۆڕینی واقیع لە پێناو مرۆڤەکانی دیکە.

### 3-2-ناسنامە و ئینتیمای نەتەوەیی:

یەکێک لە خاسیەتە زۆر جەوهەرییەکانی ڕۆشنبیر، کە دەرخەری ناسنامەی خۆیەتی، بریتییە لە ئیشکردن بۆ نەتەوە، نەک بۆ لایەن و حیزب و دەسەڵاتێکی دیاریکراو. هەموو کارەکانی عەزیز گەردی دەرخەری ئەو ڕاستیەن، ئەو بۆ کورد کاری کردووە. ئیدوارد سەعید لە کتێبی وێنەی ڕۆشنبیردا پرسیارێکی جەوهەری سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر بە منی کۆ (انا الجمعی) دەخاتەڕوو: ئایا واقیع ڕۆشنبیر ناچار دەکات پابەند بێت بە دۆخە دەروونییە گشتییەکەوە، کە هاودەنگییە سەبارەت بە نەتەوە و نیشتمان؟ کاتێک ڕۆشنبیر تاکێکی ناو کۆمەڵ بێت و لە دەرەوەی کۆمەڵ نەژی، کەواتە ناسنامەی ئەو نەتەوەیەی هەیە، واتە ناسنامەپێدان شتێک نییە هەر کاتێک بێت پێمان بدرێت. هەرچەندە بۆچوونی دیکە هەن، بڕوایان وایە ڕۆشنبیر نابێت ناسنامەی هەبێت، نابێت ئینتیمای هەبێت، واتە ڕۆشنبیر وەک کەسێک سەر بە

بۆشایی ئاسمان بێت وێنا دەکەن. بەڵام ڕۆشنبیر کوڕی ئەو نەتەوە و کۆمەڵەیە، کە تێیدا گەورە بووە. بۆیە هەرگیز خۆی لە دەرەوەی ئەو نەتەوە و کۆمەڵەیە نابینێتەوە.

عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو نەتەوەکەی و زمان و ئەدەبی کوردی دانا. ئەو کەسێک بوو نە بۆ پارە، نە بۆ ناوبانگ کتێبی وەرنەدەگێڕا. ئەو زۆر جار لەسەر وەرگێڕانەکانی تووشی زەرەری ماددی گەورە بووە. تەنانەت لە زۆربەی جاردا هیچ پارەیەکی بەرانبەر وەرگێڕانەکانی وەردەنەگرت. ((کتێبم وەرگێڕاوە شەش ملیۆن دینارم لەسەر زەرەر کردووە. کام وەرگێڕ ئامادەیە ئەوە بکات؟ من بۆ پارە وەرناگێڕم.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ٢٣) ئەمە ئەگەر ئینتیما و خزمەت نەبێت بە کولتوور و نەتەوەی کورد چییدیکەیە! هیچ وەرگێڕێکی کورد هێندەی ئەو ڕۆشنبیرە کاری بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی نەکردووە. ئەو لە ڕێگای بەرهەم و وەرگێڕانەکانییەوە هەوڵیداوە ناسنامەی خۆی، لەو ڕێگایشەوە ناسنامەی میللەت و نەتەوەکەی بە دنیا بناسێنێت و بەرانبەر ناسنامەی ئەویدیکە هەوڵی خۆ سەلماندن بدات. ئەگەر سەیر بکەین ئەویدیکەی عەرەب، فارس و تورک لە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵی سەپاندنی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان بەسەر کورددا داوە. کارەکانی عەزیز گەردی فۆرمی بیرکردنەوەی ئەوە بەرانبەر ئەودیکە، کە هەوڵی پەراوێزخستنی نەتەوەکەی ئەوی داوە. ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا بەرباسی بدەین، کارکردنی عەزیز گەردییە لەبارەی ئەفسانەناسی و ئەفسانەی کوردی. بە بڕوای ئەو بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بە ئەوانی دیکە بڵێین پێویستە بۆ ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی بگەڕێینەوە، چونکە فیکر و هزری کورد لەوێدایە. جووتیار قارەمان باسی ئەو کاتەمان بۆ دەکات، کە عەزیز گەردی باسی فۆلکلۆر و ئەفسانە دەکات. ((باسی فۆلکلۆر و ئەفسانە هاتنە گۆڕێ، شتی جوان و سەرنجڕاکێشی بۆ باس کردم. گوتم: مەسعوود بابایی دەڵێت: بۆ ئەوەی فیکری کوردی بەرهەم بهێنین، دەبێت شارەزای ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی بین و لێیان بکۆڵینەوە. گوتی: وایە، ڕاست دەکات. دەبێت وا بکرێت.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ل٢١) بۆیە دەبینین بۆ ئەوەی مێژوو و فەرهەنگ و شارستانیەتی کورد نیشان بدات، دەیان ئەفسانەی کوردی بڵاوکردەوە و تەنانەت ئەفسانەی میللەتانی دیکەیشی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی تاکو پێمان بڵێت، ئێمەی کوردی لە زۆر شتدا هاوبەشن لەگەڵ میللەتانی دیکەی دنیا. ئەو وەک ڕۆشنبیرێک بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەکەی لە زۆر دەستکەوتی کەسی لا بەرزتر بووە. بەردەوامیش لەم دواییانەدا کێشە و گرفتی لەگەڵ شێوازی حوکمڕانی حیزبەکانی کوردستان هەبووە، کە بەردەوام دەستیان خستۆتە ژیانییەوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: ((هەموو تەمەنی خۆم لەپێناو خزمەتی زمانی کوردی داناوە، کەچی ئەو ستەمەی لە من کراوە، لە کەس نەکراوە. کاکە خۆ من دەستخۆشانە و دیاری و نازانم چیم ناوێت، بەس لێم بگەڕێن خۆم بم و خۆ لە ژیانم هەڵمەقورتێنن.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ١٢) کەواتە ئەو خاوەن پرۆژە بووە و نەیویستووە ئازادی و تاکێتی داگیر بکرێت. ئەو بەردەوام لە شەڕدا بوو لەگەڵ دەرەوەی خۆی. شەڕی ئەو، شەڕ بوو لەگەڵ گشت ئەو حەقیقەتانەی بەردەوام لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و بە کۆیلەکردنی دابوون. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی هەرزان و کۆمەڵی کوردی بوویەوە. لەناو زانکۆدا شێوازی وانەوتنەوە و ئەو زانستەی پێشکەشی دەکرد تێکشکێنەری سیستەمی چەقبەستووی زانکۆ بوو. هەموو ئەمانەی لە ڕێی ئەدەب و هونەرەوە دەکرد. "نیتشە" لە کتێبی "ئیرادەی هێز"دا دەڵێت: حەقیقەت بێزراوە، پێویستە بە هونەر ڕووبەڕووی ببینەوە، بۆ ئەوەی داگیرمان نەکات. خواجەی زەمان، داهێنان دەکاتە پێشمەرجی بوونی خۆی. ئەو بوونێکی نارەسەن نییە، زۆربڵێ و دەنگە دەنگ بەرهەم بهێنێت. بوونێکە ئەدەب و زمان و وەرگێڕان دەکاتە ئیرادەیەک و لە ڕێیەوە بوون کامڵ دەکات. ئامانج لە ئەدەب و هونەر چییە؟ ئایا دەتوانین لە ڕێی ئەدەبەوە چی بکەین؟ بە گەڕانەوە بۆ بەرهەم و کتێبەکانی عەزیز گەردی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێندرێت، ئەدەب و هونەر کامڵکردنی ژیانە و پێداگرییە لەسەر بوون.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

١. عەزیز گەردی وەک ڕۆشنبیرێک ناسنامەی خۆی تەنیا لە یەک پسپۆڕیدا کورت نەکردبوویەوە، بەڵکو لە چەند کێڵگەی مەعریفیدا شارەزایی هەبوو. بەردەوامیش دەیخوێندەوە و خوێندنەوەی بەشیک بووە لە ناسنامەی ڕۆشنبیریی ئەو.

٢. مامۆستا عەزیز لە ڕێگەی کتێب و هەڵوێستەکانییەوە بەردەوام بەرەنگاری دەسەڵات بووەتەوە، ، بۆیە چەندین جار تووشی مەترسی بووەتەوە. ئەمە ناسنامەیەکی دیکەی ناوبراو بووە، کە هەمیشە دەسەڵات ویستوویەتی دەستەمۆی بکات، بەڵام ئەو هەردەم خۆی بووە.

٣. ئەو لە ڕێگای بەرهەم و وەرگێڕانەکانییەوە هەوڵیداوە ناسنامەی خۆی، ناسنامەی میللەت و نەتەوەکەی بە دنیا بناسێنێت و بەرانبەر ناسنامەی ئەویدیکە هەوڵی خۆ سەلماندن بدات.

٤. مامۆستا عەزیز لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە ویستوویەتی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە ئەویدیکە (الاخر) نیشان بدات.

## سەرچاوەکان:


**- بە زمانی کوردی**

- ڕەفیق، ف.(٢٠٠٣)، ستەمکاری (مەملەکەتی ترس و لە مرۆڤخستنی مرۆڤ ترۆرکردنی عەقڵ)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- سەعید، ح. (٢٠٠٧)، ڕۆشنبیر و دەسەڵات، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- سەمین، س. (٢٠١٧)، ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆنفرانسی خانەقین، خولی سێیەم.
- قارەمان، ج. (٢٠٢٣)، مرۆڤێکی تەنیا لە کەوشەنی کتێبدا (گفتوگۆ لەگەڵ عەزیز گەردی‌دا)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**- دووەم: نامەی ئەکادیمی**

- عبدالله، ک. (٢٠٢٢)، بە جیهانیبوونی کولتوور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.

**- بەزمانی عەرەبی:**

- توفيق، ق. (٢٠١٧)، ازمه الهويةفى الروايه الجزائريه المعاصره، اطروحه دكتورا، جامعه محمد لمين دباغين– سطيف٢، كليه الاداب واللغات، قسم الادب واللغه العربيه، الجزائر.
- دراج، ف.(٢٠٠٤)، صور المثقف عند ادوارد سعيد، مجله الكرمل، عدد:٣٨.
- سعيد، ا.(١٩٩٦)، صور المثقف (محاضرات ريس ١٩٩٣)، تر: غسان غصن، دار النهار، بيروت.
- سعيد، ا. (٢٠١١)، خيانه المثقفين، النصوص الاخيره، تر: اسعد الحسين، دار النينوى، دمشق.
- العودات، ح. (٢٠١٢)، المثقف العربى والحاكم، دار الساقى، بيروت.
- هالبيرن، ك. (٢٠١٥)، الهويات/ الفردالجماعه المجتمع، تر: ابراهيم صحراوى، دار التنوير، الجزائر.
- هينتيجتون، ص. (٢٠٠٥)، من نحن؟ التحديات التى تواجه الهويه الامريكيه، ترجمه: حسام‌الدين خضور، دار الراى، دمشق.

- **Online Etymology Dictionary: https://www.etymonline.com/word/intellectual**

# خطاب الهوية والمثقف، عزيز گردي كمثقف

**محمد احمد حسن**

قسم اللغة الكورديه،كلية التربية- شقلاوه،جامعة صلاح الدين-

أربيل،أقليم كوردستان،العراق

Mohammed.hasan@su.edu.krd

**ملخص**

إن كتابات المفكر العالمي الكبير إدوارد سعيد حول المثقف ودوره في المجتمع؛ متعلقة بجوهر الفهم ومفاهيم أخرى، ومن هذه المفاهيم مفهو النقد، إذ إن الحديث عن المثقف الآن دون النقد شيء فاض من المحتوى. دراستنا هذه تقف عند دور الكاتب الكوردي الكبير عزيز گردي ومكانته بوصفه مثقفا وأكاديميا في ضوء آراء إدوارد سعيد. استطاع عزيز گردي أن يصنع الهوية لذاته، وهذا بسبب إبداعاته ودوره النقدي في المجالات السياسية والاجتماعية والثقافية.

تتكون هذه الدراسة من فصلين اثنين، ففي الفصل الأول بوصفه فصلا نظريا؛ تتناول جملة من المفاهيم، مثل الهوية، المثقف والثقافة والسلطة. أما الفصل الثاني بوصفه فصلا تطبيقيا؛ نقف عند دور عزيز گردي في المجتمع الكوردي، وذلك من خلال محاور عدة، منها المثقف والشهادة، المثقف والاختصاص والمثقف والثقافة القومية. وأخيرا؛ نعرض النتائج في الخاتمة.

**الكلمات المفتاحية:** الهوية، المثقف، السلطة، عزيز گردي، الآخر

**Discourse of Identity and Intellectual, Aziz Gardi as an Intellectual**

Mohammed Ahmed Hasan

Department of Kurdish Language, College of Education- Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Mohammed.hasan@su.edu.krd

**Abstract**

The writings of the great international thinker Edward Said about the intellectual and his role in society related to the essence of understanding and other concepts, and one of these concepts is the concept of criticism, as talking about the intellectual now without criticism is something that is overflowing with content. Our study examines the role of the great Kurdish writer Aziz Gardi and his status as an intellectual and academic in the light of the views of Edward Said. Aziz Gardi was able to create an identity for himself, and this is due to his creativity and critical role in the political, social and cultural fields.

This study consists of two chapters. In the first chapter, as a theoretical chapter; It deals with a number of concepts, such as identity, intellectual and power. The second chapter is an applied chapter. We discuss the role of Aziz Gardi in Kurdish society, through several axes, including the intellectual and certification, the intellectual and specialty, the intellectual and national culture. Finally, we present the results in the conclusion

**Keywords:** Identity, intellectual, power, Aziz Gardi, the other